# سەفەرێک بۆ پاکبوونەوە

بەرزان هەستیار
دیسەمبەری 2005 و
یانیورەی 2006
ئەڵمانیا/کۆلن
bhastiar@yahoo.de

تەواو ، کاتی ئەوە نەما ....
بە زەردەواڵەکانی تەنیایی بڵێم گۆشتم تاڵە ،
ئیتر خۆم ئەچم شاریان ئەوروژێنم ...
تا سەرم پڕ کەن لە ژەهری بیرکردنەوە ؛
عەیامێکە ڕێم نەکەوتۆتە.....
ژێرخانی ماڵی ڕۆحی خۆم ،
پێ ئەچێت دیوارە شێدارەکانی نەمناسنەوە
یان ڕێ بە دەرگاکەی نەبەم ،
یاخود سڵاوم بیرچووبێتەوە ؛
ئەچم ، وەك غەریبێك ڕووی تێ ئەکەم ،
وەکو میوان بە شەرمەوە دائەنیشم
بەڵام پاشان وەك خانەخوێ
سەرینێکی پەڕ ئەنێمە سەر کۆشم و
ئیتر هەموو ماڵەکە سەر ڕێژ ئەکەم
لە گمە گمی کۆتری سەرزەنشت و
لە هەتاوی ساردی خەجاڵەتیی خۆم

*********

دەست ئەکەم بە پاڕانەوە لە ئاسمان ....
کە ڕۆژێك ڕووم لە بارانێکی گرژ کردبێت ...
وەك چۆلەکە تەڕی کردبم ؛
داوای بەخشین لە کچێك ئەکەم .....
لە ژوانێکدا....
زوو فریای ئەوە نەکەوتبم ....
پاڵتۆی ماچێکمی بدەمێ
بۆ ئەوەی باران نەیشواتەوە ؛
لە دووی ئەو ژنە پاکیزانە ئەخولێمەوە

کە خۆشەویستییم بەشی ژەمێکی نەکردوون و
بەڕۆحی برسی جێم هێشتوون ،
ئەچمە سەر ڕێگەیان و
هەتاو بۆ سێبەر و
سێبەر بۆ هەتاویان ئەکەم ...
بەڵکو کەمێك شانم لە قەرزیان خاڵیی بێت ؛
لەو کچۆڵە عەیارانەش ،
لەو ژنە مەکربازانەش خۆش ئەبم
کەڕۆژانە داویان بۆ کۆترە نەوسنەکانی عاتیفەم دائەنا
؛
ئەگەڕێم ، سۆراخ ئەکەم ، تێ ئەفکرم
لەکوێ بەردم گرتبێتە سەگێکی بەرەڵا
تا بچم بە سیمایەکی زەردەوە پێی بڵێم :
ئەوە نێوچەوانیی من و تفی تۆ
سنگی من و چڕنووکی تۆ
پاشەڵی من و شەقی تۆ
دەستی من و مشاری تۆ ؛
لەسەر قەرەباڵغترین شەقام ڕائەوەستم
دڵم وەك بێچووە پشیلەیەك ئەگرم بە دەستەوە :
خەڵکینە لە ڕێی خوا
کێ داوای لەسەر خاوەنی ....
ئەم پارچە گۆشتە بۆگەنە هەیە
بێت ، بیخەمە بەر پێکانی ؛
ئەچمە نێو جەنگەڵێك و
یەکە یەکە لقی دارەکان ڕائەوەشێنم :
ئەگەر ڕۆژێك لەسەر قەدی هەرکامێکتان
دڵێکم دروست کردبێ بۆ یادگار و
خۆم لە زریکەتان نەبان کردبێت
ئەوا ئێستا پشتی من و
چەقۆی تیژی لق و چڵتان ،
خوێنی من و ڕەگەکانتان ؛.
بەڵام ئەی خاك لەترسی ئاهی تۆ
بە دار عاساکەی " موسا "شەوە ...
ناوێرم توخنی پردی سیرات کەوم ،

خاچەکەی " عیسا "شم بە کۆڵەوە بێت
پڕکێشیی ئەوە ناکەم بچمە حزووری خوا ؛
قورئانەکەی " محەممەد "یش لە سنگما بێت
ڕووی ئەوەم نییە لە قاپیی بەهەشت بدەم ؛
ئەی خاک ،
ساتت نییە بە غەدر وشکت نەکەمەوە و
بێ ڕەنگت نەکەم بە خیانەت ؛
تۆ گوناهترین زوڵم لێکراویت ،
میهرەبانترین بریندار ؛
تەنها ، هانا بۆ تۆ ناهێنم لێم خۆش بیت ، ئەی خاك
لێت ناپاڕێمەوە و
ئەمەوێ بە زەلیلی بمبینیت
زەلیل ..زەلیل
وەکو ڕووخساری یەهودا ،
ڕووڕەش..ڕووڕەش
وەك شەیتانی لە خوا عاسیی !!!!